# ئازادیی ئەوکاتەی مەرجی بۆ دادەنێین*

محەمەد کوردۆ



نێوەندی رووناکبیریی ئێمە، وەکچۆن حاڵەتی جوانو دڵخۆشکەری وای تێدایە کە هیوا بە دوارۆژ لە گیانی مرۆڤەکاندا سەوزدەکات، بەهەمانشێوە حاڵەتی ناخۆشو خەمهێنەری واشی تێدایە کە مرۆڤەکان بێهیوادەکات.

من لێرەدا قسە لەسەر یەکێك لەو حاڵەتانە دەکەم:

شاعیرێکی ئێمە زیاتر لە چل ساڵە گۆرانی بۆ ئازادیی دەڵێتو شەڕ لە پێناوی ئازادییدا دەکاتو گیانی خۆشویستنی ئازادیی لە ئێمەدا بەهێزدەکات.

کەچی بەداخەوە، کاتێ ئازادیی بۆ خەڵکی دی فەراهەم دەکرێتو بەجۆرێك قسەی خۆیان دەکەن، کە ئەم شاعیرەمان پێی خۆش نییە، زویر دەبێت.

ئەمەش سەیرە چونکە ئازادیی مەرجی نییەو کە مەرجت بۆ دانا دەمرێت !

ئەوە ئازادیی نییە من بۆم هەبێت قسە بکەمو تۆ بۆت نەبێت قسە بکەیت، ئازادیی ئەوەیە هەمووومان بتوانین قسە بکەین.

ڤۆڵتێر ئامادەبوو لەسەر ئازادیی کەسێك کە قسەکانیشی بە دڵ نەبێت، خۆی بە کوشتبدات.

بەڕاستی مایەی خەمێکی قووڵە لەسەدەی بیستو یەکدا مرۆڤەکان رێگەیان پێنەدرێت بە ئازادیی قسەی دڵی خۆیان بکەن.

چونکە جوانیو درەوشانەوەی راستەقینەی ئازادیی ئەو کاتە دەردەکەوێت کە ئێمە لەو کەسانەی حەرام نەکەین وا قسەو بۆچوونەکانیانمان بەدڵ نییە.

ئازادیی ئەو کاتە جوان نییە کە تۆ گۆرانی بۆ من دەڵێیتو منیش بە گۆرانییەکەی تۆ بەختەوەر دەبمو هەوڵنادەم ئازادیی ئەو گۆرانی وتنەت لێتێکبدەم.

ئازادیی ئەو کاتە جوانە کە تۆ رەخنە لە من دەگریتو من شپرزە دەکەیتو تەنانەت توورەشمدەکەیت، بەڵام من ئەوەم بیرناچێتەوە کە مافی تۆ لە ئازادییدا مافێك نییە من پێمبەخشیبیت تا بیر لەوەبکەمەوە لێتبسێنمەوە.

ئاساییە جۆری مامەڵەی تۆم لەگەڵ ئازادییدا بە دڵ نەبێت بەڵام ئاسایی نییە ئەمە بکەم بە بیانووی ئەوەی شەڕ لەگەڵ ئازادیی تۆدا بکەم.

ناکرێت تۆ پەلاماری من بدەیتو من پەلاماری ئازادیی تۆ بدەم.

نووسین ناسنامەی راستەقینەی نووسەرە، من بۆم هەیە ناسنامەکەی تۆم بە دڵ نەبێت، بەڵام بۆم نییە مافی هەبوونی ناسنامە لە تۆ بسێنمەوە.

ئایا ئەوەی ئێمە دەینووسین هەموو خەڵك بە دڵیانە؟

ئاخۆ کەس نییە نووسینەکانی ئێمەی بەدڵ نەبێتو بەجۆرێك لە جۆرەکان نووسینێکی ئێمە بە هێرش بۆسەر خۆی بزانێت؟

بێگومان هەیە، چونکە وەکو عەرەب وتوویەتی: ((خێری قەومێك شەڕی قەومێکی دیکەیە)).

باشە ئێمە ڕێگە بەو کەسە دەدەین کە نووسینێکمانی بەدڵ نییە مافی ئازادییمان لێبسێنێتەوە؟

دڵنیام ڕێگە نادەین.

دەی کەوایە باڕێگە بە خۆشمان نەدەین ئەو مافە لەخەڵك بسێینینەوە.

من کاتی خۆی لە ستوونێکدا لە بارەی ئازادیی و سانسۆرەوە، سوودم لە وتەیەکی ئیحسان عەبدولقەدوس وەرگرتبوو، کە پێموایە دەبێت لێرەشدا جارێکی دی هەمان وتە بەکاربهێنمەوە.

عەبدولقەدوس دەڵێت:

ئەگەر ئازادیی نەهامەتیی لێکەوتەوە، چارەسەری بە ئازادیی زیاتر دەکرێت!!

⋆سەروتاری ژمارە(20)ی گۆڤاری هەنارە.